# ئاوا بوون



تەیفووری بەتحایی

تەیفووری بەتحایی، خوسرەو گولسورخی، کەرامەت دانشیان، ڕەزا عەلامەزادە، عەباس سەماکار و کەسانی وەک سەعید سوڵتانپوور، موحسن یەلفانی، ناسر ڕەحمانینیژاد کە هونەرمەندانی بەناو ودەنگی سەردەمی خۆیان بوون، جێگای ڕێز و هاندەر بۆ بازنەی "هونەری پێشەنگ" بوون، کە مەبەست هونەر و هونەرمەندی سیاسی- کۆمەڵایەتی بوو.

ئەو سەردەمە، لە لایەنی سیاسی- حزبی، سەردەمی دابڕان لە تێگەیشتنی توودەیی- جبهە ملی و دەستپێکی بیریی چریکی لە ناو توێژێکی تایبەت لە زانستگاکانی ئێران، وەک تەورێز و تاران بوو، کە ڕابەران و بەشدارانی سەرهەڵدانی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی کوردستانیش، گرێدراوی ئەو ڕەوتە بوو. شانۆ، سینەما، مۆسیقا و ئەدەبیات کەوتبوونە ژێر کارتێکەریی رۆمانتیسمی شۆڕشگێریی کە تایبەت بە ئێران و کوردستان نەبوو.!

بە وتەی عەلامەزادە، گرووپی بەتحایی- دانشیان- گولسورخی لە گەڵ گرووپی عەلامەزادە، سماکار یەک نەبوون و دەستەی دووهەم کاتێک دەستبەسەر کران کە دەستەی یەکەم لە زیندان بوون. ساواک هەرکیانی کردە یەک پەروەندە و کۆبوونەوەی دادگا کە ڕاستەوخۆ لە تەلەویزیۆنی ملی ئێران بڵاو کرایەوە، بوو بە مایەی تەشەنەی بیریی هاوچەشن لە ناو خوێندنگەکانی ئێران، لەوانە خوێندنگەی ئەمیرخیزی تەورێز، کە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم بەرنامەیە، تینی زۆرتر بە هاوپۆلەکانی نووسەری ئەم دێرانە بەخشرا، کە هێندێکیان خوێندکارانی پێشووی سەمەدی بێهرەنگی و لایەنگری چریکەکان و هێندێکی تر لایەنگری ڕەوتی موجاهیدی خەڵق بوون.

بە پێچەوانە لە کوردستان جگە لە کرماشان ئەم ڕەوتە لە زانستگا و خوێندنگەکان، بەدی نەدەکرا، هەرچەند جوڵانەوەی چەکداری لە کوردستانەوە دەستی پێکرد بوو

و کەسانی وەک عەلی ڕەزا نابدل و سەعید سوڵتانپوور، بە شیعرەکانیان پێشوازیان لە جوڵانەوەی نوێی کوردستان کردبوو، کە لە خوێندا گەوزێندرا و شارەکانی کوردستان بوون بە مەیدانی تیرەبارانکردنی پێشڕەوانی ئەم ڕێگایە. ڕژیمی ئێران بە بەکارهێنانی دامودەزگاکانی ئەمنی و نیزامی و سیخوڕی و کڕینی کەسان و پەرەپێدان بە سیستەمی "جەوانمەرد" سازی و " مەرزدارپەروەریی"، ئەو جوڵانەوەی دامرکاند، بەڵام ڕەوتی چریکی لە شارە فارس و ئازەری نشینەکان پەرەی سەند و ڕۆژنامەکانی ئەو کاتی ئێران، بە هەواڵی چالاکی ئەوان ڕازانەوە.

دەرکەوتنی تەیفووری بەتحایی لە تەلەویزیۆنی ئێران لە تەنیشت دانشیان و گولسوورخی و تێکەڵبوونی ناوی لە گەڵ هونەرمەندانی بە هەڵوێستی ئەو سەردەمە، بۆ لاوی کوردی بازنەی سیاسەت و هونەری خەڵکی و پێشڕەو، چەشنێک لە شانازی بوو، کە دواتر ئەم ڕەوتە کۆمەڵێک لە شاعیرانی خۆشناو و نوێخوازی کوردی گرتەوە، کە شیعرەکانیان لاپەڕەی گۆوارەکانی فارسی زمانی فردەوسی و تەنانەت کەیهان و ئیتلاعاتی دەڕازاندەوە. لێرە و لەوێ بە تایبەت لە کرماشان و سنە ئەم ڕەوتە شانۆشی گرتەوە.

خوسرەو گولسورخی و شاعیری "بهاران خجسته باد" کرامەت دانشیان کوژران و حووکمی ئیعدامی تەیفوور و عەلامەزادە و ئەوانی تر بوو بە زیندانی هەتاهەتایی، کە پاییزی ساڵی ١٣٥٧ بەر لە ڕووخانی ڕژیم، ئازاد کران و تەیفوور بەتحایی خۆی لە حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دیتەوە و ڕەزا عەلامە زادە، سەعید سولتانپوور، ناسر ڕەحمانی نژاد و کەسانی تر خۆیان لە ڕێکخراوی چریکگەل فیدائیدا بینییەوە.

چارەنووسی هونەرمەندان و سیاسییەکانی ڕەوتی نوێ لە کوردستان و ئێرانی دەیەکانی حەفتا و هەشتای سەدەی بیست، بەسەرهاتێکی ڕۆمانتیک و تراژیک بوو، کە لە بەرهەمەکانی تەیفووری بەتحایی کورد و ڕەزا عەلامەزادەی ئێرانی و کەسانی تر ڕەنگی داوەتەوە.

هیچکام لە حزبەکانی ئێرانی و کورد جێگای ڕاستەقینەی ئەو هونەرمەندانە نەبوو. دابڕان لە خەڵک و کۆمەڵگا ئەوانی بەرەو هەندەران هەڵداشت. بەتحایی و عەلامەزادەکان بە چێکردنی فیلم و نووسین و وانە گوتنەوە لێرە ولەوێ خۆیان ڕاگرت و پاییەند مانەوە، گەر سەرەتان، دڵ و مێشک وەستان لێگەڕابێ!
کە سەریان نایەوە، لە ناکاو مێدیا و کەسان هەست بە بوونیان دەکەن!

گەلۆ گرفتی هونەرمەند، بیرمەند، پێشەنگی کورد چییە، کە نەیتوانی خۆی ڕزگار بکات و ببێتە هۆی ڕزگاری خەڵک؟!
جیلی زیندەیاد تەیفووری بەتحایی کە پێشڕەو بوون، مافی ئەوەیان هەبوو لە زێدی خۆیان ئازاد و سەربەرز بژین. بۆ نەکرا؟

برایم فەڕشی
١١ی سپتامبر ٢٠٢٠

---

١ -عەلی حەسەنیانی(هاوار)، سوارە ئیلخانی زادە، عومەر سوڵتانی(وەفا)، فاتح شێخولئسلامی (چاوە)، جەلال مەلکشا و گەلێک نووسەر و هونەرمەندی ئەو سەردەمە، کە قوورسایی هونەریی، ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتیان لە کوردستانی ئەو سەردەمە هەبوو، چارەنووسی جیاواز لە یەکتریان نەبوو. تێگەیشتن و تاقیکردنەوەکانی هاونەسلانی زیندەیاد تەیفووری بەتحایی کە بەشێکیان لە ژیاندا ماون، دەتوانێ گەلێک لە لاپەڕە نەنووسراوەکان پڕکاتەوە و دەرفەت بۆ بەخۆداچوونەوە بڕەخسێنێ.

٢ -مخابن من هیچکات بۆم هەڵنەکەوت کاک تەیفوور ببینم، بەڵام ساڵانێک لە ڕەزا عەلامەزادەی هاوپەروەندە و هاوبیرانی وەک ناسر ڕەحمانی نژاد، نەسیم خاکسار، محەممەد موختاری و ئەوانی تر نزیک بووم، کە هیچکات هەڵنەکەوت باسی ئەو ساڵانەیان لە گەڵ بکەم. ئەوەش هەر دەکەوێتە خانەی تێنەگەیشتنەوە و نووسەری ئەم دێڕانەش دەگرێتەوە.